دار السلام
للطباعة والنشر والتوزيع والترجمة

الإمام أبو زكريا يحيى بن شرف النووي

كتاب الأربعين النووية

چل فەرموودەکەی نەوەوی

ئامادەکردنی : سایتی دەنگی ئیسلام
www.dangiislam.org

(١) عن امير المؤمنين أبي حفص عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" يَقُولُ : " إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى دُنْيَا يُصِيبُهَا أَوْ إِلَى امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا، فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ " (أخرجه البخاري /١ ومسلم ١٩٠٧/١٥٥)

واتە: عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بوو دەیفەرموو: هەموو کردەوەیەك بە نیەتە، هەرکەسێك نیەتی چی هەبێت ئەوەی بۆ دەنووسرێت، ئەگەر کەسێك کۆچکردنەکەی لە پێناو خوا بێت بۆ لای پێغەمبەرەکەی، ئەوا بەم نیەتە بۆی دەنووسرێت، هەروەها ئەگەر کەسێکیش کۆچکردنەکەی بۆ ئەوە بێت ماڵێکی دونیای دەست بکەوێت، یا بۆ ئافرەتێك ئەوا ئەوەی بۆ دەنووسرێت.

(٢) عَنْ عُمرَ بنِ الخطابِ ، رضيَ اللَّهُ عنه ، قال: «بَيْنما نَحْنُ جُلُوسٌ عِنْد رسولِ اللَّه صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم ، ذَات يَوْمٍ إِذْ طَلع عَلَيْنَا رجُلٌ شَديدُ بياضِ الثِّيابِ ، شديدُ سوادِ الشَّعْرِ ، لا يُرَى عليْهِ أَثَر السَّفرِ ، ولا يَعْرِفُهُ منَّا أَحدٌ ، حتَّى جَلَسَ إِلَى النَّبِيِّ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم ، فَأَسْنَدَ رُكْبَتَيْهِ إِلَى رُكبَتَيْهِ ، وَوَضع كفَّيْهِ عَلَى فخِذيهِ وقال : يا مُحمَّدُ أَخبِرْنِي عن الإسلام فقالَ رسولُ اللَّه صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم : الإسلامُ أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ ، وأَنَّ مُحَمَّداً رسولُ اللَّهِ وَتُقِيمَ الصَّلاَةَ ، وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ ، وتصُومَ رَمضَانَ ، وتَحُجَّ الْبيْتَ إِنِ استطَعتَ إِلَيْهِ سَبيلاً. قال : صدقْتَ . فَعجِبْنا لَهُ يسْأَلُهُ ويصدِّقُهُ ، قَالَ : فَأَخْبِرْنِي عن الإِيمانِ . قَالَ: أَنْ تُؤْمِن بِاللَّهِ وملائِكَتِهِ ، وَكُتُبِهِ ورُسُلِهِ ، والْيومِ الآخرِ ، وتُؤمِنَ بالْقَدرِ خَيْرِهِ وشَرِّهِ . قال: صدقْتَ قال : فأَخْبِرْنِي عن الإِحْسانِ . قال : أَنْ تَعْبُدَ اللَّه كَأَنَّكَ تَرَاهُ . فإِنْ لَمْ تَكُنْ تَراهُ فإِنَّهُ يَراكَ قَالَ : فَأَخْبِرْنِي عن السَّاعةِ . قَالَ : مَا المسْؤُولُ عَنْها بأَعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ . قَالَ : فَأَخْبِرْنِي عَنْ أَمَاراتِهَا . قَالَ أَنْ تلدَ الأَمَةُ ربَّتَها ، وأَنْ تَرى الْحُفَاةَ الْعُراةَ الْعالَةَ رِعاءَ الشَّاءِ يتطاولُون فِي الْبُنيانِ ثُمَّ انْطلَقَ ، فلبِثْتُ مليًّا ، ثُمَّ قَالَ : يا عُمرُ ، أَتَدرِي منِ السَّائِلُ قلتُ : اللَّهُ ورسُولُهُ أَعلَمُ قَالَ : فَإِنَّهُ جِبْرِيلُ أَتاكُمْ يُعَلِّمُكم دِينَكُمْ » رواه مسلمٌ.

واتە: "عومەری کوڕی خەتتاب" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: ڕۆژێکیان لە خزمەت پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەانیشتبووین" لە ناکاو پیاوێک دەرکەوت جلی سپی لەبەردابوو، پرچی زۆر ڕەش بوو، شوێنەواری سەفەری پێوە دیار نەبوو، هیچ کەس لە ئێمە نەیدەناسی، لەبەردەم پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دانیشت، ئەژنۆی گەیاندە ئەژنۆی پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ، دەستی لەسەر هەردوو ڕانی پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دانا، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! لە بارەی ئیسلام هەواڵم پێ بدە، پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: شایەتی بێنە خوای گەورە تاک و تەنهایە، نوێژ بکە، زەکات بدە، ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرە، حەج بکە ئەگەر توانات هەیە. کابرا گوتی: ڕاست دەکەیت! سەرمان سورما، پرسیاری لێدەکات و پاشان دەڵێت: ڕاست دەکەیت! ئینجا گوتی: هەواڵم پێ بدە دەربارەی ئیحسان؟ پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: باوەرت بەخوا هەبێت بە فریشتەی خوا، بە کتێبەکانی بە پێغەمبەران، بە ڕۆژی دوایی بە

قەزاو قەدەر چاکەو خراپەی، کابرا گوتی: ڕاست دەکەیت، ئینجا گوتی: چاکە چییە؟ پێغەمبەری "صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: خوا بپەرستی وەک ئەوەی ببینیت، ئەگەر تۆش ئەو نەبینیت، ئەو تۆ دەبینێت، ئینجا گوتی: هەواڵم پێبدە لە بارەی ڕۆژی دوایی، پێغەمبەر "صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: پرسیارکەر لە پرسیارلێکراو زاناتر نییە! کابرا گوتی: ئەی نیشانەکانی چین؟ پێغەمبەر "صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: دایک ببێتە نۆکەر و خزمەتکاری کچەکەی خۆی، خەڵکانی پێخواس و ڕووت و شوانەوێرە دەبنە خاوەن کۆشک و تەلار، پاشان ڕۆیشت، ئێمەش سێ ڕۆژ ماینەوە ئینجا پێغەمبەر "صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: ئەی عومەر دەزانی ئەم پرسیارکەرە کێ بوو؟ گوتم: خواو پێغەمبەر "صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" باشتر دەزانن، پێغەمبەر "صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: ئەوە جبریل بوو هاتبوو ئاینەکەتان فێر بکات.

(٣) عن ابنِ عمرَ رضيَ اللَّه عنهما قال : قالَ رسولُ اللَّه صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم : «بُنِيَ الإِسْلامُ على خَمْسٍ : شَهادَةِ أَنْ لا إِلهَ إِلاَّ اللَّه ، وأَنَّ مُحمداً رسولُ اللَّهِ ، وإِقامِ الصَّلاةِ، وَإِيتاءِ الزَّكاةِ ، وَحَجِّ البَيْتِ ، وَصَوْمِ رَمضانَ» (رواه البخاري/ ٨، موسلم/١٦)

واتە: "ئیبنوعومەر" (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا"صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: ئیسلام لەسەر پێنج شت بونیات نراوە: خوا بەیەک بناسیت، نوێژ بکەیت، زەکات بدەیت، ڕۆژووی ڕەمەزان بگریت.

(٤) عَن عَبْدُالله بن مَسْعُود (رضي الله عنه) قَالَ : حَدَّثَنَا رَسُولُ اللهِ (صلى الله عليه وسلم) وَهُوَ الصَادِق المَصْدُوق: (اِنَّ أحَدَكُم يُجْمَعُ خَلْقَهُ فِي بَطْنِ أمِهِ أرْبَعِينَ يومَاً، ثُمَّ يَكونُ فِي ذَلِكَ عَلَقَةً مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ يَكونَ فِي ذَلِكَ مُضْغَةً مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ يُرْسَلُ اللهُ عَزَوَجَلَّ المَلَكَ فَيُنْفَخُ فِيهِ الروح وَيُؤمَر بَاربَع كَلِمَاتٍ : بِكَتْبِ رِزْقِهِ، وَأجلِهِ وَعَمَلِهِ، وَشَقِيٌّ أو سَعِيد . فَوَالذيَّ لاَ اِلَهَ غَيْرُهُ، اِنَّ أحَدَكُم لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أهْلِ الجَنَّةِ حَتَى مَا يَكُونُ بِينَهُ وَبَيْنَهَا الاَّ ذِرَاع، فَيَسْبِقُ عَلَيِهِ الكِتَاب، فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أهْلِ النَّارِ فَيَدْخِلَهَا . وَاِنَّ أحَدَكُمْ لَيَعمَل بِعَمَل أهل النَار، حَتَى مَايَكونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا الاَّ ذِرَاع، فَيَسْبِقُ عَلَيِهِ الكِتَاب، فَيَعْمَلَ بِعَمَل أهْلِ الجَنَّةِ فَيَدْخِلَهَا). (البخاري/٣٢٠٨)، ومسلم/٢٦٤٣).

واتە: "عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر "صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کەڕاستگۆترین ڕاستگۆیە فەرموویەتی: (هەریەکێ لەئێوە لەماوەی چل ڕۆژدا لەسکی دایکیدا خەلق دەکرێت، لەماوەی چل ڕۆژدا دەبێتە پارچەیەک گۆشت و خوێن، پاش ماوەی چل ڕۆژیش دەبێتە پارچە گۆشتێک، پاش ئەوە خوای گەورە فریشتەیەک دەنێرێت ڕۆح دەکات بەبەریداو فەرمانی بەچوارو شەش پێدەکرێت: بەنووسینی ڕۆزیی، درێژیی ژیانیی (ئەجەلی)و کاریی، بەدبەختە یان بەختەوەر، سوێند بەوەی جگە لەو خوایەکیتر نییە، کەسی واتان هەیە کاروکردەوەی بەهەشتیی دەکات هەتا لەنێوان ئەو بەهەشتا ئەندازەی گەزێکی دەمێنێ، کەچی نووسراوەکە پێشی دەکەوێت و کاروکردەوەی دۆزەخیی دەکات و دەچێتە دۆزەخ، هەروەها کەسی واشتان هەیە کاروکرداری دۆزەخیی دەکات، هەتا بەئەندازەی گەزێکی دەمێنێ و نووسراوەکە پێشی دەکەوێت و کاروکردەوەی بەهەشتیی دەکات و دەچێتە بەهەشتەوە).

(٥) عن عائشة ، رضي اللّه عنها ، قالت قال رسولُ اللّه صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم : « منْ أَحْدثَ في أَمْرِنا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فهُو رَدٌّ » (رواه البخارى رقم: ٢٦٩٧)، ومسلم (رقم: ١٧١٨) وفي رواية لمسلمٍ : « مَنْ عَمِلَ عمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُو ردٌّ» .

واتە: لە "عائیشە" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە دەڵێت: پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: هەرکەسێک شتێک لەو ئاییینەی ئێمە دابهێنێت کە لە دینەکەی ئێمەدا نەبێت، ڕەت دەکرێتەوە، لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت: کەسێک شتێک لە دین زیاد بکات، کە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت، ئەوە کارەکەی وەرناگیرێت.

(٦) عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ (رضي الله عنه) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ -وَأَهْوَى النُّعْمَانُ بِإِصْبَعَيْهِ إِلَى أُذُنَيْهِ-: (إِنَّ الْحَلالَ بَيِّنٌ وَإِنَّ الْحَرَامَ بَيِّنٌ وَبَيْنَهُمَا مُشْتَبِهَاتٌ، لَا يَعْلَمُهُنَّ كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ، فَمَنِ اتَّقَى الشُّبُهَاتِ اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ وَعِرْضِهِ، وَمَنْ وَقَعَ فِي الشُّبُهَاتِ وَقَعَ فِي الْحَرَامِ، كَالرَّاعِي يَرْعَى حَوْلَ الْحِمَى يُوشِكُ أَنْ يَرْتَعَ فِيهِ، أَلَا وَإِنَّ لِكُلِّ مَلِكٍ حِمًى، أَلَا وَإِنَّ حِمَى اللَّهِ مَحَارِمُهُ، أَلَا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ). (رواه البخاري/٥٢)، (مسلم/١٥٩٩)

واتە: "نوعمانی کوڕی بەشیر" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: لە پێغەمبەری خوام "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بیستووە دەیفەرموو-لەم کاتەدا "نوعمان" دەستی برد بۆ هەردوو گوێی- (بێگومان حەڵاڵ ئاشکرایەو حەرامیش ئاشکرایە و لە نێوانیاندا چەند شتێکی گوماناوی هەن، زۆر لە خەڵکی نایان زانن، هەرکەس خۆی لە گومان بپارێزێ ئەوە خۆی و ئاینەکەی پاراستووە لە تانە و تاوان، هەرکەسیش بکەوێتە ناو شتی گوماناوییەوە ئەوە کەوتۆتە ناو شتی حەرامەوە، وەک چۆن شوانێک ئاژەڵەکانی لە دەوروبەری قەدەغەکراوێ دەلەوەڕێنێ دوور نییە تێی بکەوێت، چاک بزانن هەموو پادشایەک قەدەغە کراوێکی تایبەت بە خۆی هەیە، چاک بزانن قەدەغەکراوی خوا هەر ئەو شتانەیە کە حەرامی کردووە، بزانن کە لە لەشدا پارچە گۆشتێک هەیە ئەگەر چاک بێت هەموو لەش چاک دەبێت ئەگەر خراپیش بوو هەموو لەش خراپ دەبێت چاک بزانن ئەو پارچەیەش دڵە).

(٧) عَنْ تَمِيمٍ الدَّارِيِّ (رضي الله عنه): أَنَّ النَّبِيَّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: (الدِّينُ النَّصِيحَةُ). قُلْنَا: لِمَنْ؟ قَالَ: (لِلَّهِ، وَلِكِتَابِهِ، وَلِرَسُولِهِ، وَلِأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ) (رواه مسلم/٥٥)

واتە: "تەمیمی داری" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر ("صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: (ئایین دڵسۆزی و ئامۆژگارییە) گوتمان: بۆ کێ؟ فەرمووی: (بۆ خوا و، بۆ قورئانەکەی، بۆ پێغەمبەرەکەی، بۆ پێشەوا و تێکڕای موسڵمانانیش).

(٨) عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ، فَإِذَا فَعَلُوا عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلَّا بِحَقِّهَا، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ (رواه البخاري/ ٢٥)، (ورواه مسلم/ ٢٢).

واتە: "عەبدوڵڵای کوڕی عومەر" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: (فەرمانم پێکراوە بجەنگم لەگەڵ خەڵکیدا هەتا شایەتی دەدەن کە هیچ خوایەک نییە جگە لە خوا، موحەممەدیش ڕەوانەکراوی خوایە، نوێژیش بکەن، زەکاتیش بدەن، ئەگەر ئەوەیان کرد ئەوا خوێن و سامانیان لەلای من پارێزراوە، مەگەر بەهەقی خۆی، لێپرسینەوەشیان لەلای خوایە).

(٩) عن أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ: (مَا نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ فَاجْتَنِبُوهُ، وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ فَافْعَلُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ، فَإِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ كَثْرَةُ مَسَائِلِهِمْ، وَاخْتِلَافُهُمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ). (رواه البخاري/ ٧٢٨٨) و (مسلم/ ١٣٣٧)

واتە: لە "ئەبووهورەیرە"وە (خوا لێی ڕازی بێت) کەلە پێغەمبەری بیستووە "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەیفەرموو: (ئەوەی ڕێگریم لێکردون خۆتانی لێبپارێزن، ئەوەی فەرمانم پێداون بەگوێرەی تواناتان ئەنجامی بدەن، بەڕاستی ئەو شتەی ئوممەتەکانی پێش ئێوەی لەناوبردووە، زۆر پرسیار کردنیان و لەفەرمانی پێغەمبەران دەرچوونیان بووە).

(١٠) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): إِنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ، لَا يَقْبَلُ إِلَّا طَيِّبًا، وَإِنَّ اللَّهَ أَمَرَ الْمُؤْمِنِينَ بِمَا أَمَرَ بِهِ الْمُرْسَلِينَ، فَقَالَ: [يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا] وَقَالَ: [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ) ثُمَّ ذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أَشْعَثَ أَغْبَرَ، يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ: يَا رَبِّ يَا رَبِّ، وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ، وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ، وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ، وَغُذِيَ بِالْحَرَامِ، فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ). (رواه مسلم/١٠١٥)

واتە: "ئەبووهورەیرە" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمویەتی: (ئەی خەڵکینە، بەڕاستی پەروەردگاری پایە بڵند چاک و پاک و بێگەردە، شتی چاک و پاک و بێگەرد نەبێت لای ئەو پەسەند نییە، ئەو زاتە هەمان ئەو فەرمانەی کەداویەتی بەپێغەمبەران، هەمان ئەو فەرمانەشی داوە بە ئیمانداران: (ئەی پێغەمبەران، لەرزق و ڕۆزیە چاکەکان بخۆن، کارو کردەوەی چاکیش ئەنجام بدەن)، هەروەها فەرمویەتی: (ئەی ئەو کەسانەی کەباوەڕتان هێناوە لەو رزق و ڕۆزیە چاکانە بخۆن کەپێمان بەخشیون). ئینجا باسی ئەو پیاوەی کرد کە (سەفەری تولانی دەکات، قژ بژو تۆزاوی، دەستەکانی بەرزدەکاتەوە بۆ ئاسمان و (دەڵێت) پەروەردگارا، پەروەردگارا، لەکاتێکدا خۆراکی حەرامە، خواردنەوەی حەرامە، پۆشاکی حەرامە، بەحەرام گەورە بووە، ئیتر چۆن نزای گیرایە؟).

(١١) عَنْ أَبِي مُحَمَّدٍ الْحَسنِ بْنِ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ سِبْطِ رَسُولِ الله "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" وَرَيْحَانَتِهِ ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهما ، قَالَ حفِظْتُ مِنْ رسولِ اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وسَلَّم : « دَعْ ما يَرِيبُكَ إِلَى مَا لا يَرِيبُكَ ، فَإِنَّ الصِّدْقَ طُمأْنِينَةٌ، وَالْكَذِبَ رِيبَةٌ » (رواه التِرْمذي/ ٢٥٢) (والنسائي/ ٥٧١١) وقال الترمذي: حديث حسن صحيح.

واتە: "حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبووتالیب"، کچەزای پێغەمبەر و ڕەیحانەی پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بوو، گوتی: ئەو لە پێغەمبەرەوە "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لە بەریکردووە، کە فەرموویەتی: واز لە شتێک بهێنە، کە گومانی تێدایە و لێی دڵنیانیت، ئەوە بکە کە گومان ناخاتە دڵتەوە و لێی دڵنیایت.

(١٢) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قال : قالَ رسولُ اللَّه "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم": مِنْ حُسْنِ إِسْلامِ الْمَرْءِ تَرْكُهُ مَالاَ يَعْنِيهِ» حديثٌ حسنٌ رواهُ التِّرمذيُّ /٢٣١٨) و (ابن ماجة/٣٩٧٦)

واتە: لە "ئەبی هورەیرە" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە، دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: لە نیشانەی مسوڵمانی چاک ئەوەیە کە شتێک پەیوەندی بەو نەبێت، وازی لێ بهێنێت.

(١٣) عَنْ أَنَسٍ (رضي الله عنه)، عَنِ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَا يُؤْمِنُ عَبْدٌ حَتَّى يُحِبَّ لِجَارِهِ -أَوْ قَالَ: لِأَخِيهِ- مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ). (رواه البخاری/ ١٣) و (مسلم/ ٤٥)

واته: "ئەنەس" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: (هیچ بەندەیەک ئیمانی نابێت هەتا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ دراوسێکەی - یافەرمووی بۆ براکەی پێی خۆش نەبێت). واتە: (ئیمانی تەواو نییە).

(١٤) عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ (صلى الله عليه وسلم): (لَا يَحِلُّ دَمُ "امْرِئٍ" مُسْلِمٍ - يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ- إِلَّا بِإِحْدَى ثَلَاثٍ: الثَّيِّبُ الزَّانِي، وَالنَّفْسُ بِالنَّفْسِ وَالتَّارِكُ لِدِينِهِ الْمُفَارِقُ لِلْجَمَاعَةِ). (البخاري /٦٨٧٨) و (مسلم: ١٦٧٦)

واته: لە "عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود"ەوە دەگێڕنەوە دەڵێ: پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: حەڵاڵ نییە خوێنی هیچ کەسێکی مسوڵمان -کە شایەتی بدات بەوەی کە هیچ کەسێک شایانی پەرستن نییە جگە لە خواو، منیش پێغەمبەری خوام، مەگەر بەیەکێ لەم سیانە نەبێت: پیاوی ژن هاوردوو ژنی مێرد کردو کە زینا بکەن، و گیان بە گیان (کەسێ کەسێ بە ناحەقی بکوژێ و لە تۆڵەیدا دەکوژرێتەوە) و کەسێ پاشگەز بێتەوە لە ئاینی خۆی و لە کۆمەڵی مسوڵمانان جیابێتەوە.

(١٥) عن أبي هريرة رضي اللَّه عنه أن رسول الله صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم قال «مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّه وَالْيَوْمِ الآخِرِ فلْيقُلْ خيراً أَوْ لِيَصمُتْ و مَنْ كَانَ يُؤمِنُ بِاللَّهِ والْيَوْمِ الآخِرِ فلَيكْرِمْ جارَه، ومنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ واليومِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفهُ» (رواه البخاري/٦٠١٨) و (مسلم/٤٧).

واتە: لە "ئەبی هورەیرە" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم فەرموویەتی: هەرکەس باوەڕی بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە بە چاک بڵێت" یان بێدەنگ بێت" هەرکەس باوەڕی بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە، با ڕێز لە دراوسێکەی بگرێت، هەرکەس باوەڕی بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێز لە میوانەکەی بگرێت.

(١٦) عنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضيَ اللَّهُ عنهُ أَنَّ رَجُلاً قَالَ للنَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم : أَوْصِنِي، قَالَ : «لا تَغضَبْ» فَرَدَّدَ مِراراً قَالَ، «لا تَغْضَبْ» (رواه البخاري/ ١٩٥٥).

واتە: "ئەبووهورەیرە" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: پیاوێک بە پێغەمبەری "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم" گوت: ئامۆژگاریم بکە. پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم فەرمووی: توورە مەبە، پیاوەکە چەند جار دووبارەی کردەوە، پێغەمبەریش "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم" هەر فەرمووی: توورەمەبە.

(١٧) عَنْ شَدَّادِ بْنِ أَوْسٍ (رضي الله عنه) قَالَ: ثِنْتَانِ حَفِظْتُهُمَا عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم)، قَالَ: (إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ الْإِحْسَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ، فَإِذَا قَتَلْتُمْ فَأَحْسِنُوا الْقِتْلَةَ، وَإِذَا ذَبَحْتُمْ فَأَحْسِنُوا الذَّبْحَ، وَلْيُحِدَّ أَحَدُكُمْ شَفْرَتَهُ، فَلْيُرِحْ ذَبِيحَتَهُ).

واتە: "شەددادی کوڕی ئەنەس" (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: دوو شتم لە پێغەمبەری خواوە "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لەبەر کردووە، فەرمووی: خوا بە چاک ئەنجامدانی فەرز کردوە لەسەر هەموو شتێک، ئەگەر شتێکیان کوشت بە جوانی بیکوژن، ئەگەر شتێکیان سەربڕی بە چاکی سەری ببڕن، با هەر یەک لە ئێوە تیغەکەی تیژ بکات و، سەربڕاوەکە بحەوێنێتەوە.

(١٨) عن أبي ذَرٍّ ﷺ قال: قال رسولُ اللَّهِ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم ، قال : (اتَّقِ اللَّهَ حَيْثُمَا كُنْتَ وأَتْبِعِ السَّيِّئَةَ الْحسنةَ تَمْحُهَا، وخَالِقِ النَّاسَ بخُلُقٍ حَسَنٍ » (رواه الترمذي/١٩٨٧) حديث حسن.

واتە: لە "ئەبی زەر" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە، دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: (لە خوا بترسە لە هەرکوێ بوویت، وە دوای خراپە چاکە بکە خراپەکەی دەسڕێتەوە، وە بە ڕەفتاری باش لەگەڵ خەڵکی هەڵسوکەوت بکە.

(١٩) عن عبدالله بنِ عبَّاسٍ ، رضيَ اللَّه عنهمَا ، قال : «كُنْتُ خَلْفَ النَّبيِّ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم يوْماً فَقَال : «يَا غُلامُ إِنِّي أُعلِّمكَ كَلِمَاتٍ: «احْفَظِ اللَّهَ يَحْفَظْكَ احْفَظِ اللَّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ ، إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللَّه ، وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ ، واعلَمْ : أَنَّ الأُمَّةَ لَو اجتَمعتْ عَلَى أَنْ ينْفعُوكَ بِشيْءٍ ، لَمْ يَنْفعُوكَ إِلاَّ بشَيْءٍ قَد كَتَبَهُ اللَّهُ لَكَ ، وإِنِ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوك بِشَيْءٍ ، لَمْ يَضُرُّوكَ إِلاَّ بَشَيْءٍ قد كَتَبَهُ اللَّه علَيْكَ ، رُفِعَتِ الأَقْلامُ ، وجَفَّتِ الصُّحُفُ». (رواهُ التِّرمذيُّ/ ٢٥١٦) وقَالَ : حديثٌ حسنٌ صَحيحٌ).

وفي رواية غيرِ التِّرْمذيِّ : « احفظَ اللَّهَ تَجِدْهُ أَمَامَكَ ، تَعَرَّفْ إِلَى اللَّهِ في الرَّخَاءِ يعرِفْكَ في الشِّدةِ ، واعْلَمْ أَنَّ مَا أَخْطَأَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصيبَك ، وَمَا أَصَابَكَ لمْ يَكُن لِيُخْطِئَكَ واعْلَمْ أنّ النّصْرَ مَعَ الصّبْرِ ، وأَنَّ الْفَرَجَ مَعَ الْكَرْب ، وأَنَّ مَعَ الْعُسرِ يُسْراً».

واتە: "عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس" دەڵێت: ڕۆژێک لە پشت پێغەمبەرەوە — لەسەر وڵاغێک بووم" فەرمووی: ڕۆڵە چەند وشەیەکت فێر دەکەم" پارێزگاری لە خوا بکە" خوای گەورەر دەتپارێزێت، فەرمانەکانی خوا بپارێزە دەبینیت خوا فریات دەکەوێت ئەگەر پاڕایتەوە تەنها لەو بپاڕێوە، ئەگەر داواشت کرد تەنها لەو داوا بکە، بشزانە ئەگەرهەرچی خەڵکی دونیا هەیە کۆ ببنەوەو بیانەوێت، کە سوودت پێ بگەیەنن، بەهیچ جۆرێک سوودت پێ ناگەیەنن، تەنها ئەوە نەبێت کە خوا بۆی نووسیویت، هەروەها زیانت پێ بگەیەنن تەنها ئەوە نەبێت کە خوای گەورە لەسەرتی نووسیوە، قەڵەمەکان هەڵگیران و نووسراوەکان وشک بوونەتەوە، (قەزاو قەدەری خوا براوەتەوە)

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە:

فەرمانەکانی خوا بپارێزە، خوای گەورەش بەرەو لاتدێت، لە کاتی خۆشیدا خوای گەورە بناسە، ئەوا خوای گەورەش لە کاتی ناخۆشیدا بە هانات دێت، بزانە، خراپە، یان چاکە، کە تووشی تۆ نابێت، لە یەکەمەوە براوەتەوە، کە تووشت دەبێ و هی کەسێکی دیکە نییە بزانە، کە سەرکەوتن لە گەڵ ئارامگرتن دایە، ڕزگاربوون لەگەڵ ناخۆشی و ناڕەحەتیدایە، لەگەڵ هەموو ناخۆشییەک و ئازارێکدا، خۆشییەکی بەدواوە دێت.

(٢٠) عن أَبِي مَسْعُودٍ عُقْبَةَ بْنِ عَمْرٍو الأنصاري ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" : " إِنَّ مِمَّا أَدْرَكَ النَّاسُ مِنْ كَلَامِ النُّبُوَّةِ الْأُولَى، إِذَا لَمْ تَسْتَحْيِ فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ " (رواه البخاري/٣٤٨٣).

واتە: "عوقبەی کوڕی عەمرِی ئەنساڕی" (خوای لیّ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: ئەوەی کە خەڵک لە پێغەمبەرانی پێشوو گواستبێتیانەوە ئەوەیە ئەگەر شەرم ناکەیت، چی دەکەیت بیکە!

(٢١) عَنْ أَبِي عمرو ، وقيل أبي عمْرة سُفْيانَ بنِ عبد اللَّه رضي اللَّه عنه قال: قُلْتُ : يا رسول اللَّهِ قُلْ لِي في الإِسلامِ قَولاً لا أَسْأَلُ عنْه أَحداً غيْركَ . قال: قُلْ : آمَنْتُ باللَّهِ: ثُمَّ اسْتَقِمْ (رواه مسلم/٣٨).

واتە: لە "ئەبووعەمر" یان گوتیان: لە "ئەبووعەمرەی سوفیانی کوڕی عەبدوڵڵا" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە دەڵێ: گوتم ئەی پێغەمبەری خوا "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" شتێکم لە ئیسلام پێ بڵێ کە جگە لە تۆ لەکەسی تر ئەو پرسیارە نەکەم؟ ئەویش فەرمووی: بڵێ باوەڕم بە خوا هێنا پاشان جێگیر بووم لەسەری.

(٢٢) عَنْ أَبِي عبدالله جَابِرِ بن عبدالله الأنصاري رضي الله عنهما ، أَنَّ رَجُلًا، سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَ: " أَرَأَيْتَ إِذَا صَلَّيْتُ الصَّلَوَاتِ الْمَكْتُوبَاتِ، وَصُمْتُ رَمَضَانَ، وَأَحْلَلْتُ الْحَلَالَ ، وَحَرَّمْتُ الْحَرَامَ، وَلَمْ أَزِدْ عَلَى ذَلِكَ شَيْئًا، أَأَدْخُلُ الْجَنَّةَ؟ قَالَ : نَعَمْ.

واتە: "جابری کوڕی عەبدوڵڵای ئەنساڕی" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کرد گوتی: هەرکاتێ نوێژە فەڕەزەکانم کرد، ڕۆژووی ڕەمەزانم گرت، حەڵاڵم بە حەڵاڵ زانی، حەڕامم بە حەڕام زانی و لێ دوورکەوتمەوە، لەمە زیاترم نەکرد، ئایا دەچمە بەهەشت؟ پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەمووی: بەڵێ.

(٢٣) عَنْ أَبِي مَالِكٍ الْأَشْعَرِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَأُ الْمِيزَانَ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَآنِ -أَوْ: تَمْلَأُ- مَا بَيْنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ، وَالصَّلَاةُ نُورٌ، وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ، وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ، وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ. كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو، فَبَايِعٌ نَفْسَهُ: فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا). (رواه مسلم/ ٢٢٣)

واتە: "ئەبوومالیکی ئەشعەری" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: (پاکوخاوێنی بەشێکی ئیمانە، وە (الحمدلله) تەرازو پڕدەکات، (سبحان الله والحمدلله) نێوانی ئاسمانەکان و زەوی پڕدەکەن، نوێژ نوورە خێرکردن ڕاستی ئیمان و گوێڕایەڵی بۆ خوا سەلماندنە، ئارامگرتن ڕووناکییە قورئانیش بەڵگەیە بۆت یان لەسەرت، خەڵکی هەموویان بەیانیان زوو دەڕۆن خۆیان دەفرۆشن، بەوەش یان خۆی ڕزگار دەکات، یان خۆی تیادەبات!، (واتە: یان خۆی بەخوا دەفرۆشێ و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات و خۆی ڕزگار دەکات، یان خۆی بەشەیتان دەفرۆشێ و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات و خۆی تیادەبات).

(٢٤) عَنْ أَبِي ذَرٍّ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) -فِيمَا رَوَى عَنِ اللَّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى- أَنَّهُ قَالَ: (يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي، وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا، فَلَا تَظَالَمُوا يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ ضَالٌّ إِلَّا مَنْ هَدَيْتُهُ، فَاسْتَهْدُونِي أَهْدِكُمْ. يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ جَائِعٌ إِلَّا مَنْ أَطْعَمْتُهُ، فَاسْتَطْعِمُونِي أُطْعِمْكُمْ. يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ عَارٍ إِلَّا مَنْ

كَسَوْتُهُ، فَاسْتَكْسُونِي أَكْسُكُمْ. يَا عِبَادِي إِنَّكُمْ تُخْطِئُونَ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ، وَأَنَا أَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا، فَاسْتَغْفِرُونِي أَغْفِرْ لَكُمْ. يَا عِبَادِي إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوا ضَرِّي فَتَضُرُّونِي، وَلَنْ تَبْلُغُوا نَفْعِي فَتَنْفَعُونِي. يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ، وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ، كَانُوا عَلَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ، مَا زَادَ ذَلِكَ فِي مُلْكِي شَيْئًا. يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ، وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ، كَانُوا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ (منكم) مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِي شَيْئًا. يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ، قَامُوا فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ، فَسَأَلُونِي، فَأَعْطَيْتُ كُلَّ إِنْسَانٍ مَسْأَلَتَهُ، مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِمَّا عِنْدِي إِلَّا كَمَا يَنْقُصُ الْمِخْيَطُ إِذَا أُدْخِلَ الْبَحْرَ. يَا عِبَادِي إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُمْ أُحْصِيهَا لَكُمْ، ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إِيَّاهَا، فَمَنْ وَجَدَ خَيْرًا فَلْيَحْمَدِ اللَّهَ (عزة و جل)، وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ فَلَا يَلُومَنَّ إِلَّا نفسه). (رواه مسلم/ ٢٥٧٧)

واته: له "ئەبووزەڕ"ەوە (خوای لێ ڕازی بێت) له پێغەمبەرەوە "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" له فەرموودەیەکی قودسیدا له خوای پەروەردگارەوە دەگێڕتەوە که فەرموویەتی: (ئەی بەندەکانم! من ستەمم لەسەرخۆم حەرام کردووە و، له نێوان ئێوەشدا حەرامم کردووە، ستەم لەیەکتر مەکەن، ئەی بەندەکانم! هەمووتان گومڕان مەگەر ئەوانەتان نەبێت کەمن ڕێنموییم کردوون، داوای ڕێنموییم لێبکەن، ڕێنموییتان دەکەم. ئەی بەندەکانم! هەمووتان برسین مەگەر ئەوانەتان نەبێت که من خواردنم پێداون، داوای خواردنم لێبکەن، خۆراکتان دەدەمێ، ئەی بەندەکانم! هەمووتان ڕووتن مەگەر ئەوانەتان نەبێت که من پۆشتەم کردوون، داوای پۆشاکم لێبکەن پۆشتەتان دەکەم ئەی بەندەکانم! ئێوە شەو و ڕۆژ هەڵە دەکەن منیش له هەموو تاوان و هەڵەکانتان خۆش دەبم، داوای لێخۆشبونم لێبکەن ئەی بەندەکانم ئێوە بەڕاستی ناتوانن بگەن بەو ئاستەی که زەرەر لەمن بدەن، هەروەها ناتوانن بگەن بەو ئاستەی که سوودم پێببەخشن، ئەی بەندەکانم! ئەگەر سەرەتا و کۆتاییتان به مرۆڤ و جنۆکەکانەوە دڵیان وەک دڵی لەخوا ترسترین کەستان بێت، ئەوە هیچ له موڵکی من زیاد ناکات، ئەی بەندەکانم! ئەگەر کۆتاییتان به مرۆڤ و جنۆکەتانەوە دڵیان وەک دڵی خراپترین کەستان بێت، ئەوە هیچ له موڵکی من کەم ناکات. ئەی بەندەکانم! ئەگەر سەرەتا و کۆتایتان به مرۆڤ و جنۆکەتانەوە تێکڕا له گۆڕەپانێکدا بوەستن و داوام لێبکەن، هەموو مرۆڤێک ئەوەی که داوای دەکات پێی ببەخشم، ئەوە هیچ لەوەی لەلای منە کەم ناکات، مەگەر ئەوەندەی دەرزیەک له ئاوی دەریا کەمی دەکاتەوە. ئەی بەندەکانم! بەڕاستی ئەمە کردەوەکانی خۆتانە و من بۆتانی دەژمێرم و تۆماری دەکەم و پاشان پاداشتتان دەدەمەوە. هەرکەسێک چاکەی دەست کەوت با سوپاسی خوای گەورە بکات و هەرکەسیش شتێکی تریشی دەست کەوت، ئەوە با تەنها سەرزەنشتی خۆی بکات.

(٢٥) عَنْ أَبِي ذَرّ (رضي الله عنه): أَنَّ نَاسًا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) قَالُوا لِلنَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم): يَا رَسُولَ اللَّهِ ذَهَبَ أَهْلُ الدُّثُورِ بِالْأُجُورِ، يُصَلُّونَ كَمَا نُصَلِّي، وَيَصُومُونَ كَمَا نَصُومُ، وَيَتَصَدَّقُونَ بِفُضُولِ أَمْوَالِهِمْ. قَالَ: (أَوَ لَيْسَ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ مَا تَصَّدَّقُونَ؟ إِنَّ بِكُلِّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةً، وَكُلِّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةً، وَكُلِّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةً، وَكُلِّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةً، وَأَمْرٌ بِالْمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ، وَنَهْيٌ عَنْ مُنْكَرٍ صَدَقَةٌ، وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيَأتِي أَحَدُنَا شَهْوَتَهُ، وَيَكُونُ لَهُ فِيهَا أَجْرٌ؟ قَالَ: (أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فِي حَرَامٍ، أَكَانَ عَلَيْهِ فِيهَا وِزْرٌ؟ فَكَذَلِكَ إِذَا وَضَعَهَا فِي الْحَلَالِ كَانَ لَهُ أَجْرٌ). (رواه مسلم/ ١٠٠٦)

واته: "ئەبووزەڕ" (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کەهەندێک لەهاوەڵانی پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بەپێغەمبەریان گوت: ئەی پێغەمبەری خوا "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەوڵەمەندەکان هەرچی پاداشت هەیە بردویانە بۆ خۆیان، وەکو ئێمە نوێژ دەکەن، وەکو ئێمە ڕۆژوو دەگرن، هەندێ لەپارەکانیشیان دەکەن بەخێر.. پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: باشە مەگەر خوای گەورە

شتی بەئێوە نەبەخشیوە تا بیکەن بەخێر؟ دڵنیا بن کەهەموو (سبحان الله) وتنێک خێرێکە، هەموو (الله اکبر)ێک خێرێکە، هەموو (الحمد لله) یەک خێرێکە، هەموو (لا اله الا الله)یەک خێرێکە، فەرمان بەچاکە خێرە، قەدەغە لەخراپە خێرە، جوتبوون لەگەڵ هاوسەردا خێرە، گوتیان ئەی پێغەمبەری خوا "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ئایا کەسێک لەئێمە ئارەزووی خۆی تێر بکات پاداشتی هەیە؟ فەرمووی: باشە ئەگەر ئەو ئارەزووەی لەحەرامدا دانێت، ئایا گوناهی ناگات؟ هەر ئاوایش ئەگەر بەحەڵاڵی ئەنجامی بدات پاداشتی هەیە.

(٢٦) كُلُّ سُلامى مِنَ النَّاسِ عَلَيْهِ صَدَقَةٌ كُلَّ يوْمٍ تَطْلُعُ فِيهِ الشَّمْسُ : تَعْدِلُ بيْنَ الاثْنَيْنِ صَدقَةٌ ، وَتُعِينُ الرَّجُلَ في دَابَّتِهِ فَتحْمِلُهُ عَلَيْهَا ، أَوْ تَرْفَعُ لَهُ عَلَيْهَا مَتَاعهُ صَدقَةٌ، وَالْكَلِمَةُ الطَّيِّبةُ صدقَةٌ ، وبِكُلِّ خَطْوَةٍ تَمْشِيهَا إِلَى الصَّلاةِ صَدَقَةٌ ، وَتُمِيطُ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ صَدَقَةٌ (رواه البخاري/٢٩٨٩) و (رواه مسلم/ ١٠٠٩).

واتە: هەموو رۆژێ کە تیشکی خۆر هەڵدێت، تەواوی جومگەکانی مرۆڤ خێرێکی لەسەرە کە بیکا! سازکردنی نێوان دوو کەس خێرە، یارمەتدی دانی پیاوێ بۆ خستنە سەر سوارەکەی خۆی خێرە، دەستباربوون بۆ هەڵگرتنی بارەکەی خێرە، گوتنی قسەیەکی چاک خێرە، هەر هەنگاوێک کە بۆ نوێژ هەڵیدەگریت خێرە، لا دانی پەرچێکیش لە رێگا هەر خێرە.

(٢٧) عَنْ نَوَّاسِ بْنِ سِمْعَانَ (رضي الله عنه) قَالَ: أَقَمْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) بِالْمَدِينَةِ سَنَةً، مَا يَمْنَعُنِي مِنَ الْهِجْرَةِ إِلَّا الْمَسْأَلَةُ، كَانَ أَحَدُنَا إِذَا هَاجَرَ لَمْ يَسْأَلْ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) عَنْ شَيْءٍ، قَالَ: فَسَأَلْتُهُ عَنِ الْبِرِّ وَالْإِثْمِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (الْبِرُّ حُسْنُ الْخُلُقِ، وَالْإِثْمُ: مَا حَاكَ فِي نَفْسِكَ، وَكَرِهْتَ أَنْ يَطَّلِعَ عَلَيْهِ النَّاسُ).

واتە: "نەوواوسی کوڕی سەمعان" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: یەک ساڵ لای پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لە مەدینە مامەوە، تەنها لەبەر پرسیار کردن کۆچم نەکرد، ئەگەر یەکێک لە ئێمە کۆچی بکردایە هیچ پرسیاری لە پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" نەدەکرد، من پرسیارم لێکرد دەربارەی چاکە و تاوان؟ پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: (چاکە بریتیە لە ڕەوشت جوانی، تاوان و گوناهیش ئەوەیە کە بەدڵتا دێت و پێت ناخۆشە خەڵکی پێی بزانێت).

هەروەها "وابیسەی کوڕی مەعبەد" (خوای لێی ڕازی بێت)، ئەڵێ: چوومە لای پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" پێی فەرمووم: بۆ پرسیاری خێرو چاکە هاتووی؟ گوتم، بەڵێ، فەرمووی: «اسْتَفْتِ نَفْسَكَ. اسْتَفْتِ قَلْبَكَ يَا وَابِصَةُ ثَلَاثًا الْبِرُّ مَا اطْمَأَنَّتْ إِلَيْهِ النَّفْسُ وَاطْمَأَنَّ إِلَيْهِ الْقَلْبُ، وَالْإِثْمُ مَا حَاكَ فِي النَّفْسِ وَتَرَدَّدَ فِي الصَّدْرِ، وَإِنْ أَفْتَاكَ النَّاسُ وَأَفْتَوْكَ » (حديثٌ حسن ، رواهُ أحمد ، والدَّارِمِيُّ). واتە: لەخۆت بپرسە، لەدڵت بپرسە ئەی وابیسە (سێ جار ئەمەی گوت) چاکە ئەوەیە کە دەروونەکان پێیەوە ئاسوودە بن و دڵیش پێی خاترجەم ببێت، تاوانیش بریتیە لەوەی کە لە دەروونتایەو لە سینەتا هات و چۆ ئەکات.

ئەمەش جەختکردنەوەیەکە بەوە کەوا فیترەت ڕێنوینی خاوەنەکەی دەکات و بەرەو هەق چوون و پەیداکردنی هەستی چاکەو خێر خوازی ئەبات، بەمەشەوە ئەتوانێ کەوا چاکەو خراپە لێك هەڵاوێرێ. و وەك ئاوی سازگار ڕاستیەکان بدرکێنێ.

(٢٨) عَنِ أَبِي نجيح الْعِرْبَاضِ بْنِ سَارِيَةَ ، قَالَ : وَعَظَنَا رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وسَلَّم) يَوْمًا بَعْدَ صَلاةِ الْغَدَاةِ مَوْعِظَةً بَلِيغَةً ذَرَفَتْ مِنْهَا الْعُيُونُ وَوَجِلَتْ مِنْهَا الْقُلُوبُ، فَقَالَ رَجُلٌ : إِنَّ هَذِهِ مَوْعِظَةُ مُوَدِّعٍ ، فَمَاذَا تَعْهَدُ إِلَيْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ : " أُوصِيكُمْ بِتَقْوَى اللَّهِ، وَالسَّمْعِ، وَالطَّاعَةِ، وَإِنْ عَبْدٌ حَبَشِيٌّ فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ يَرَى اخْتِلافًا كَثِيرًا، وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ فَإِنَّهَا ضَلالَةٌ (رواه ابوداود/ ٤٦٠٧) ورواه الترمذي/٢٦٦) وقال: حديث صحيح.

واته: "ئەبونەجیحی عیرباز کوڕی ساریە" دەڵێت: پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" وتارێکی بۆ داین، وتارەکەی ئەوەندە توندبوو دڵی پێ دەهاتە لەرزین، چاوانی پێ دەهاتە گریان، ئێمەش گوتمان ئەی پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لەم ئامۆژگاریەت وا دەردەکەوێت ئامۆژگاری ماڵئاوایی بێت! ئامۆژگاریمان بکە، فەرمووی: لەخوا بترسن، هەروەها گوێڕایەڵی فەرمانەکانی گەورەکەتان بن، ئەگەر گەورەکەتان بەندەیەک بێت ئەگەر کەسێک لە ئێوە تەمەنی درێژ بێت، ناکۆکی زۆر دەبینێت، پابەند بە سوننەتی من و ڕێوشوێنی خولەفای ڕاشدین و بەریمەدەن، بە ددان بیگرن، خۆتان لە داهێنراوەکان بە دوور بگرن، چونکە هەموو بیدعەیەک گومراییە.

(٢٩) عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ ، قَالَ قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أَسْأَلَكَ مِرَارًا، وَيَمْنَعُنِي مَكَانُ هَذِهِ الآيَةِ : يَأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَسْأَلُوا عَنْ أَشْيَاءَ إِنْ تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ قَالَ : " مَا هُوَ يَا مُعَاذُ؟ "، قُلْتُ : الْعَمَلُ الَّذِي يُدْخِلُ الْجَنَّةَ وَيَتَجَنَّبنِي مِنَ النَّارِ، قَالَ: " قَدْ سَأَلْتَ عَظِيمًا، وَإِنَّهُ لَيَسِيرٌ : شَهَادَةُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ، وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ، وَإِقَامُ الصَّلاةِ، وَإِيتَاءُ الزَّكَاةِ، وَحَجُّ الْبَيْتِ، وَصَوْمُ رَمَضَانَ "، ثُمَّ قَالَ : أَلا أُخْبِرُكَ بِرَأْسِ هَذَا الأَمْرِ وَعَمُودِهِ وَذِرْوَتِهِ : الْجِهَادِ " ثُمَّ قَالَ : الصِّيَامُ جُنَّةٌ، وَالصَّدَقَةُ تُكَفِّرُ الْخَطَايَا، ثُمَّ قَالَ : " أَلا أُنَبِّئُكَ بِمَا هُوَ أَمْلَكُ بِالنَّاسِ عَنْ ذَلِكَ؟ " فَأَخَذَ لِسَانَهُ فَوَضَعَهُ بَيْنَ إِصْبَعَيْنِ مِنْ أَصَابِعِهِ، فَقُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَكُلُّ مَا نَتَكَلَّمُ بِهِ يُكْتَبُ عَلَيْنَا؟ قَالَ : " ثَكِلَتْكَ أُمُّكَ، وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ عَلَى مَنَاخِرِهِمْ فِي النَّارِ إِلا حَصَائِدُ أَلْسِنَتِهِمْ؟ إِنَّكَ لَمْ تَزَلْ سَالِمًا مَا سَكَتَّ، فَإِذَا تَكَلَّمْتَ كُتِبَ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ (المعجم الكبير للطبراني).

واته: "موعازی کوڕی جەبەل" (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێت: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا، چەند جارە دەمەوێ کە پرسیارت لێ بکەم، وەلێ لەبەر ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! لەو شتانە لە پەیامبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کە ئەگەر بۆتان ڕوون بکرێتەوە غەمبارو ناڕەحەت دەبن) فەرمووی: ئەو پرسیارە چییە ئەی "موعاز"؟ دەڵێ: گوتم: ئەو کردەوەی کە دەمباتە بەهەشت و لە ئاگر ڕزگارم دەکات، فەرمووی: پرسیارێکی گەورەت کرد، کەچی زۆریش ئاسانە: شایەتیدان بەوە کە جگە لەخوا هیچ خوایەکی تر نییە، وە منیش پێغەمبەری ئەو خودایەم، وە بەرپاکردنی نوێژ و بەخشینی زەکات و حەجکردنی ماڵی خوا و ڕۆژووگرتن، پاشان فەرمووی: ئەی پێت ڕابگەیەنم کە سەری هەموو ئەم ئایینە و کۆڵەگەو لوتکەکەی چییە؟ (ئەویش) جیهاد کردنە! پاشان فەرمووی: ڕۆژوو سپێر و قەڵغانە، سەدەقەو خێر تاوانەکان دەسرێتەوە، پاشان فەرمووی: ئایا پێت ڕابگەیەنم زامنی هەموو ئەم کارانە چین کە خەڵکی دەستیان لە پاداشتی ئەو کارانە دەستگیر بێت؟ (پاشان) زمانی خۆی گرت و خستیە نێو دوو پەنجە لە پەنجەکانیەوە، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا هەرچی شتێ کە قسەی لەسەر دەکەین لەسەرمان دەنووسرێت؟ ئەویش فەرمووی: دایکت سینگت بۆ بکوتێت، ئایا خەڵکی هەر لەبەرووبوومی زمانیانەوە نییە کە دەکەونە نێو ناخی ئاگرەوە.. تۆ هێشتا سەلامەتیت ئەگەر بێدەنگ بیت، ئەگەر قسەکت کرد یان بۆت دەنووسرێ، یان لەسەرت دەنووسرێ!!

(٣٠) عَنْ أَبِي ثَعْلَبَةَ الْخُشَنِيِّ جُرْثُومُ إبْنِ نَاشِرٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ عن رسول الله "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" قال إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى فَرَضَ فَرَائِضَ، فَلا تُضَيِّعُوهَا ، وَحَدَّ حُدُودًا، فَلا تَعْتَدُوهَا، وَحَرَّمَ أَشْيَاءَ، فَلا تَنْتَهِكُوهَا، وَسَكَتَ عَنْ أَشْيَاءَ مِنْ غَيْرِ نِسْيَانٍ رَحْمَةً لَكُمْ، فَلا تَبْحَثُوا عَنْهَا) (حديث حسن، رواه الدارقطني في سننه ١٨٤/٤)

واته: له "ئەبووسەعلەبەی خوشەنی جرسوومی کوڕی ناشیر" دەگێڕنەوە، کە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی، کە خوا دەفەرموێت: خوای گەورە فەریزەکانی فەڕزکردووە، ئێوەش بە زایەی نەدەن، وە سنووریشی داناوە، ئێوە مەیبەزێنن، وە چەندین شتی حەڕامکردووە، ئێوە پێشێلی مەکەن، وەک بەزەیی نواندن بۆ ئێوە لە هەندێک شت بێدەنگ بووە کە بەبێ بیرکردنەوە (ئەنجامتان دابێت)، کەواتە ئێوەش لێی مەکۆڵنەوە.

(٣١) عن أبي الْعَبَّاس سَهْلِ بنِ سعْدٍ السَّاعديِّ ، رضي اللَّه عنه ، قال : جاءَ رجُلٌ إلى النبيِّ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم : فقالَ : يا رسول اللَّه دُلَّني عَلى عمَلٍ إذا عَمِلْتُهُ أَحبَّني اللَّه ، وَأَحبَّني النَّاسُ ، فقال : « ازْهَدْ في الدُّنيا يُحِبَّكَ اللَّه ، وَازْهَدْ فِيمَا عِنْدَ النَّاسِ يُحبَّكَ النَّاسُ » حديثٌ حسنٌ رواه ابن مَاجَه /٤١٠٢ وغيره بأَسانيد حسنةٍ .

واته: "ئەبووعەبباسی سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدی" (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: پیاوێک هاتە لای پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ڕێگایەکم پێنیشان بدە، هەرکاتێک کردم خوا خۆشی بوێم و خەڵک خۆشیان بوێم، پێغەمبەریش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: دونیا لە دڵت بەکەم بگرە، ئەو کاتە خوا خۆشی دەوێیت، دڵت پەیوەند نەبێت بەوەی کە خەڵک هەیەتی و واز لەم شتە بێنە، کە لە دەستی خەڵک دایەو خۆتی پێ خەریک مەکە، ئەو کاتە خەڵک تۆیان خۆش دەوێت.

(٣٢) عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، رَسُولَ اللَّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" قَالَ : لا ضَرَرَ وَلا ضِرَارَ (حديث حسن، رواه ابن ماجة/ ٢٣٤١) و (الدار قطني ٢٢٨/٤).

واته: لە "ئەبووسەعیدی خودری" (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: نە زیان بدەو نە پێشی ڕازی ببە.

(٣٣) عن ابْنُ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما : أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" قَالَ: " لَوْ يُعْطَى النَّاسُ بِدَعْوَاهُمْ لادَّعَى رِجَالٌ أَمْوَالَ قَوْمٍ وَدِمَاءَهُمْ، وَلَكِنَّ الْبَيِّنَةَ عَلَى الْمُدَّعِي، وَالْيَمِينَ عَلَى مَنْ أَنْكَرَ (حديث حسن رواه البيهقي في السنن: ٢٥٢/١٠ وغيره هكذا، وبعضه في الصحيحين).

واته: "ئیبنوعەبباس" (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: ئەگەر ئەوی خەڵک داوای دەکەن، بەبێ هیچ بەڵگەیەک پێیان بدرێ، ئەوا هەندێکیان هەر لە خۆیانەوە داوای ماڵی خەڵکی تر دەکەن و تەماعی دەکەن، هەروەها داوای خوێنی کەسانی تریان دەکرد، لەبەر ئەوە داواکار لە سەریەتی شایەتی هەبێ، سوێندیش لەسەر ئەو کەسەیە، کە نکوڵی دەکات لەوەی داوای لێکراوە.

(٣٤) عن أَبِي سعيدٍ الخُدْرِيِّ "رَضِيَ اللهُ عَنْهُ" قال: قال رسول الله "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وَذَلِكَ أَضْعَفُ الْإِيمَانِ (رواه مسلم /٤٩)

واتە: لە "ئەبووسەعیدی خودری" (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە، کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: هەرکەس لەئێوە خراپەیەکی دی بابەدەست بیگۆڕێت ئەگەر نەیتوانی بەزمانی، ئەگەر نەیتوانی بەدڵی، ئەوەش لاوازترین ئیمانە.

(٣٥) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (لَا تَحَاسَدُوا، وَلَا تَنَاجَشُوا، وَلَا تَبَاغَضُوا، وَلَا تَدَابَرُوا، وَلَا يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ، وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا. الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ، لَا يَظْلِمُهُ، وَلَا يَخْذُلُهُ، وَلَا يَكْذِبُهُ، وَلَا يَحْقِرُهُ، التَّقْوَى هَاهُنَا) وَيُشِيرُ إِلَى صَدْرِهِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ (بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ، كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ: دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ). (رواه مسلم/٢٥٦٤).

واتە: "ئەبووهورەیرە" (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: حەسوودیی بەیەکتر مەبەن، زەم بەسەریەکتردا مەکەن (بەمەبەستی بەرز کردنەوی نرخی شتەکانە)، ڕقتان لەیەکتر نەبێتەوە، پشت لەیەکتر مەکەن، مامەڵە بەسەر مامەڵەی یەکتردا مەکەن بەندەیەکی ڕاست و دروستی خوابن و، وەک برابن، مسوڵمان برای مسوڵمانە، ستەمی لێناکات و، پشتی بەرنادات و، بە درۆی ناخاتەوە و، بەسووک سەیری ناکات، لەخوا ترسان لێرەدایە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) سێجار ئامازەی کرد بۆ سنگی (بەسە بۆ خراپ بوونی مرۆڤێک، کە بەسووک سەیری برا موسڵمانەکەی بکات، هەموو شتێکی مسوڵمان لەسەر مسوڵمان حەرام و قەدەغەیە؛ خوێنی و ماڵی و ناموسی).

(٣٦) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا نَفَّسَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ. وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ. وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ. وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ. وَمَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ بِهِ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ. وَمَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللَّهِ، يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَيَتَدَارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ، إِلَّا نَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةُ وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ، وَحَفَّتْهُمُ الْمَلَائِكَةُ، وَذَكَرَهُمُ اللَّهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ. وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ). (رواه مسلم /٢٦٩٩) بهذا اللفظ.

واتە: لە "ئەبووهورەیرە"وە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (هەرکەسێک یارمەتی مسوڵمانێک بدات بۆ ئەوەی ناڕەحەتییەکی دونیایی لەکۆڵ بکەوێت، ئەوە بێگومان خوای گەورە ناڕەحەتی دواڕۆژی لەکۆڵ دەخات، هەرکەسێک یارمەتی نەدار و هەژارێک بدات و کارەکەی بۆ ئاسان بکات، ئەوا خوای گەورە کاریش بۆ ئەو ئاسان دەکات و یارمەتی دەدات. خوای گەورە لە کۆمەکی بەندەی خۆیدایە مادام ئەو بەندەیە لەکۆمەکی براکەیدابێت. هەرکەسێک ڕێگایەک بگرێتە بەر بۆ ئەوەی علم و زانینێک بەدەست بهێنێت، ئەوا خوای گەورە بەهۆی ئەوەوە ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات، هەر کۆمەڵێک کۆببنەوە لە ماڵێک لە ماڵەکانی خوا و قورئان بخوێننەوە و موتاڵای بکەن، ئەوا بێگومان دڵ ئارامی دادەبەزێت و بەسەریانداو، ڕەحمەت و بەزەیی دایان دەپۆشێت و، فریشتەکان

چواردەوریان دەگرن و، خوای گەورەش باسیان دەكات لای ئەوانەی كەلای ئەون، هەركەسێک كاروكردەوەی ناتەواو بێت ئەوا بێگومان نەسەب و بنەماڵە و ڕەچەڵەک فریای ناكەوێت).

(٣٧) عَنْ أَبِي الْعَبَّاسِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عبَّاسٍ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِب رَضِي الله عنهما، عَنْ رسول الله صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم ، فِيما يَرْوِى عَنْ ربِّهِ ، تَبَارَكَ وَتَعَالَى قَالَ : «إنَّ الله كتَبَ الْحسناتِ والسَّيِّئاتِ ثُمَّ بَيَّنَ ذلك : فمَنْ همَّ بِحَسَنةٍ فَلمْ يعْمَلْهَا كتَبَهَا اللَّهُ عِنْدَهُ تَبارَكَ وَتَعَالَى عِنْدَهُ حسنةً كامِلةً وَإنْ همَّ بهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللَّهُ عَشْر حَسَنَاتٍ إلَى سَبْعِمائةِ ضِعْفٍ إلَى أَضْعَافٍ كثيرةٍ ، وَإنْ هَمَّ بِسيِّئَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللَّهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كامِلَةً ، وَإنْ هَمَّ بِها فعَمِلهَا كَتَبَهَا اللَّهُ سَيِّئَةً وَاحِدَةً» (رواه البخاري /٦٤٩١) و (مسلم/ ١٣١) في صحيحهما بهذه الحروف.

واتە: "عەبدوڵلا كوڕی عەبباس" (خوای لێیان ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەر"صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: خوای گەورە چاكە و خراپەی نووسیوە، پاشان ڕوونی كردۆتەوە هەر كەسێک ئارەزووی كردەوەی چاكی هەبێت و ئەنجامی نەدات خوای گەورە بە چاكەیەكی تەواو بۆی دەنووسێت، ئەگەر ئەنجامیشی نەدات، هەركەێكیش ئارەزووی چاكەیەكی هەبێت و ئەنجامی بدات خوای گەورە بە دەچاكە تا حفتسەد چاكە، بەڵكوو چەندانی تری بۆ دەنووسێت، ئەگەر كەسێک ئارەزووی خراپەیەک بكات، پاشان خراپەكە نەكات، خوای گەورە چاكەیەكی بۆ دەنووسێت، ئەگەر خراپەكەش ئەنجام بدات، خوای گەورە تەنها یەک خراپەی بۆ دەنووسێت.

(٣٨) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): إن الله تعالى قال: مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ، وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ، وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ، فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ، وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ، وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا، وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا، وَإِنْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ، وَلَئِنْ اسْتَعَاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ (البخاري/ ٦٥٠٢، عن أَبِي هُرَيْرَةَ –رضي الله عنه–).

واتە: لە "ئەبووهورەیرە"ەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: خوای گەورە فەرمووی: هەركەسێك دژایەتی دۆستێكی من بكا بەڕاستی ئاگاداری ئەكەمەوە: كەخۆم جەنگی لەگەڵ ئەكەم، وە بەندەی من ناتوانێ خۆی لە من نزیك بكاتەوە بە هیچ كردەوەیەكی وا؛ كە من لەلام خۆشەویستترین بێ وەك بەو شتانە نزیك ئەبێتەوە كە لەسەرم واجب كردوە، بەندەی من بەردەوام ئەبێو، واز ناهێنێ بەرە بەرە خۆی لە من نزیك ئەكاتەوە بە كردنی سوننەتەكان هەتا خۆشم ئەوێ. جا هەر كاتێك بەندەی خۆمم خۆشویست بۆی ئەبمە ئەو گوێیەی كە پێی ئەبیسێ، واتە: هەرچی بۆ ڕەزای من نەبێ: گوێی لێ ناگرێو ئەوەی بۆ ڕەزای من بێ گوێی ئەداتێ، بۆی ئەبمە ئەو چاوەی كە پێی تەماشا ئەكات، واتە: ئەوەی من پێی ڕازی نەبم تەماشای ناكات، بۆی ئەبمە ئەو دەستەی هەڵمەتی پێ ئەبا، واتە: دەست درێژ ناكا بۆ شتێ: كە من پێی ڕازی نەبمو، بەكاری ئەهێنی لە چاكە كردن وە بۆی ئەبمە ئەو قاچەی كە پێی ئەڕوا، واتە: هاتووچوونەكەی بۆ ڕازی بوونی خوا ئەبێ، هەر شتێكم داوا لێ بكا بێگومان پێی ئەبەخشم ئەگەر داوای پەنا دانم لێ بكا؛ بێگومان پەنای ئەدەمو ئەیپارێزم.

(٣٩) عَنِ اِبْنِ عَبَّاسٍ – رَضِيَ اَللَّهُ عَنْهُمَا- أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" قَالَ : إِنَّ اَللَّهَ تَجَاوَزَ لِي عَنْ أُمَّتِي اَلْخَطَأَ ، وَالنِّسْيَانَ، وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ (رَوَاهُ اِبْنُ مَاجَهْ/٢٠٤٥) والبَيْهَقِي (السنن /٧) صَحَّحَهُ الأَلْبانِي في صحيح سنن إبن ماجة.

واتە: "ئیبنووعەباس" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: خوای گەورە چاوپۆشی کردووە لە هەڵەی ئوممەتەکەم و لە بیرچوون و ئەو شتانەی کە بە زۆر پێیان دەکرێت.

(٤٠) عَنْ إِبْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ : أَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بِمَنْكِبِي، وَقَالَ : "كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ ، أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ " ، وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ يَقُولُ : إِذَا أَمْسَيْتَ فَلَا تَنْتَظِرِ الصَّبَاحَ، وَإِذَا أَصْبَحْتَ فَلَا تَنْتَظِرِ الْمَسَاءَ، وَخُذْ مِنْ صِحَّتِكَ لِمَرَضِكَ وَمِنْ حَيَاتِكَ لِمَوْتِكَ (رواه البخارى/ ٦٤١٦).

واتە: "ئیبنووعومەر" دەڵێت: پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" شانمی گرت فەرمووی: وەک نامۆو ڕێبوارێک لە دونیا وابن، "ئیبنووعومەر" دەڵێ: کاتێ ئێوارەت بە سەرداهات چاوەڕوانی ئێوارە مەبە، هەروەها، کە بەیانیت بەسەرداهات چاوەڕوانی ئێوارە مەکە، پێش ئەوەی نەخۆش بکەویت، لەشساغیت بقۆزەوەو کاری چاکە زۆر بکە، بەر لە مردنیش سوود لە ژیانت وەربگرە.

(٤١) عنْ أَبِي مُحَمَّدٍ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ - رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُما - قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم": " لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يَكُونَ هَوَاهُ تَبَعًا لِمَا جِئْتُ بِهِ " (حديث حسن صحيح، رويناه في كتاب الحجة بإسناد صحيح).

واتە: "ئەبوموحەممەدی عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاس" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: بیروباوەڕی کەستان تەواو نابێت تا وای لێدێت کە ئارەزوو و هەوەسی خۆی دوای ئەو شەریعەتە ئەگەوێ کە من لە لایخوا هێناومە.

(٤٢) عَنْ أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ رضي الله عنه ، قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" يَقُولُ : " قَالَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى يَا ابْنَ آدَمَ إِنَّكَ مَا دَعوْتَنِي وَرَجوْتَنِي غَفَرْتُ لَكَ عَلى ما كَانَ مِنكَ ولا أُبَالِي ، يا ابن آدمَ ، لَوْ بَلَغَتْ ذُنُوبُكَ عَنَانَ السماءِ ، ثم اسْتَغْفَرْتَنِي غَفَرتُ لَكَ ، يَا ابْنَ آدَم ، إِنَّكَ لَو أَتَيْتَنِي بِقُرابِ الأَرْضِ خطايا ، ثُمَّ لَقِيْتَنِي لا تُشْرِكُ بِي شَيْئاً ، لأَتَيْتُكَ بِقُرَابِهَا مَغْفِرَةً » (رواه الترمذي ، وقال : حديث حسن عن أنسٍ). واتە: ئەی نەوەی ئادەمی تۆ داوام لێ ئەکەیت و ئاواتی گەیشتن ئەخوازیت بە من، ئەوە من لێت خۆش بووم و هیچ باکیشم نییە (کە لێت خۆش نەبم)، ئەی نەوەی ئادەمی: ئەگەر تاوانەکانت بگەنە دەستەو ساری ئاسمان، پاشان داوای لێ خۆش بوونم لێ بکەیت، لێت خۆش ئەبم، ئەی نەوەی ئادەم: ئەگەر پڕ بە زەوی تاوانت هەبێو بگەیتەوە لام بەو مەرجەی هیچ هاوبەشت بۆ من بڕیار نەدابێ، منیش بە پڕی یەک زەوی لێخۆشبوونەوە بەرەو پیرت دێم.

——— تەواو